www.kurdistannet.org
6-10-2006 7:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەڵەبجە لەدوو تۆپی گرفتە وون بووەکاندا ... هەورامان عەلی تۆفیق

ئەڵمانیا

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاوبکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یالقی لاو لاو بکەن
ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن

بەم پارچە هەڵبەستەی ئەحمەد موختار بەگی جاف دەست پێدەکم، چونکە ڕۆژگارو ئاستەنگە هەنووکەییەکان دەمان خەنە نێوو کۆمەڵێك ڕاستی و کۆمەڵێك تەنگەژە کە نەتوانین بەو سانایە لێکیان جیابکەینەوە، هەلەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووی یەوە کەمێك بۆدواوە بگەرێینەوە ئەوە دەبێ بزانین کە ئەم شارە زیاتر لە 160 ساڵە مێژووی دروست بوونی دیارە و لەساڵی 1922 دا بۆتە قەزاو یەکەم قایمقامی ئەحمەد موختار بەگی جاف بووە...
کە ڕێژەی دانیشتوانی تا پێش ساڵی 1988، 75 بۆ 80 هەزار کەس بووە، هەڵەبجە لەکۆنەوە بەشاری شاعیران و کەسانی خاوەن فکرو هەڵکەوتوو لەڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیری و ئاینی و شۆڕشگێڕی و کۆمەلایەتیەوە ناسراوە و هەمیشەش پێشەنگی شارەکانی دی بووە، هەڵەبجە شاری گۆران و نالی و مەولەوی و ئەحمەد موختار بەگی جاف و تاهیر بەگ و عادیلە خانم و چەندین و چەندینی دی لە کەڵەپیاو شۆڕەسواری چالاك و خاوەن فکرو ڕۆشنبیری تر... ئەم شارە هەمیشە دەرگایەکی والابووە بۆ هەموو لایەك لە هەژارو دەوڵەمەند و شۆڕشگێڕو دەسەلاتدارو مەڵبەندێکی چالاکی کوردایەتی و تێکۆشانیش بووە لە مێژووی شۆڕشە کوردیەکاندا دژی دوژمنانی کورد و کوردایەتی بووە، ئەمەش تەنها نەك بە قسەی من و چەند کەسانێکی بەڵکو مێژوو مێژوونووسان شاهیدی حاڵن.
لێرەدا مەبەستم لە دوو تۆپی گرفتە وونبووەکاندا ئەوەیە ئێمەی خەلکی ئەم شارە لەنێو ئاڵۆزی سەرجەم ڕاستیەکاندا دەسورێینەوە، چونکە گێژاوێکی وادروست کراوە هەردەمیش دروست دەکرێت کە ئەو خەڵکانەی ئێستا بەخۆیان لەو شارەدا ژیان بەسەردەبەن نازان چی بکەن و هاناو سکالاکانیان لەسەر کام مێز هەڵرێژن.. لەگەڵ ئەو هەواڵە جۆراو جۆرانەی کە ناوە بەناوە لە سەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان و لەلاپەڕەی بلاوکراوەکان یان سایتەکانی ئینتەرنێت بلاودەکرێنەوە کە جێگایی سەرسوورمانەو مرۆڤ لەئاست خۆیدا ووشك دەبێت.. سەیرە ئەگەر بەرپرسێك لە ئاستی بەرپرسایەتی خۆیدا نەبێت دەبێ چی لەکەسێکی ئاسایی جەرگ سووتاوماڵ کاوکراو چاوەڕوان بیت... ؟؟؟ کەسێك کە نەزانێ چۆن داوای مافەکانی خۆیی بکات، بەلام ڕەنگە هێندەیی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەرپرسیارن ئەوەندەش کەسانی ڕۆشنبیرو ئەوانەی لە لایەنەکاندا بەرپرسن و خەڵکی ئەوشارەن بەهەمان شێوەبەرپرسن... کەواتە دەبێ هەموو پێکەوە ئاستی بەرپرسایەتی خۆمان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان بزانین ئەمڕۆ من یان تۆ لە جێگایەکدا بەرپرسی دەبێ حسابی ئەوەش بکەی سبەیی کەسێکی دی لەجێت دادەنیشێ کەواتە کاری خێرو قسەی خێرو پێکەنین و ئارامی بەخشین دایکی شەهیدان و ڕۆڵەی ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا خۆیان کردە قوربانی، بکەینە بەرنامەی کارکردنمان، ئەوەشمان لەیاد نەچێ وا دەستووری هەرێمی کوردستانیش بەڕێوەیە کە پاراستنی مافەکانی تاك، پاراستنی گیانی هاوولاتیی لە ئەستۆیی دایەو ئەم لادان و پێشێل کردانە دەرەونەوە.
ڕۆژانە زامەکانی ئەم شارە دەکولێنەوە لەبری ئەوەی ئەو برینانە سارێژ بکرێن هەوڵ بدرێ خەم و مەینەتیکانی خەڵکی ئەم شارەکەم بکرێتەوە، بەلام بەپێچەوانەوە برینەکان نەك سارێژ ناکرێن بەڵکو

زیندوو دەكرێنەوە. پێم ناڵێن شارێكی وەك هەڵەبجە تەنها لە شۆڕش و شەڕەكاندا لەبیرە و دەناسرێ تەنها لەو كاتانەدا ئەو بەرپرسانە هەڵەبجەین و لەخزمەتی خەڵكی هەڵەبجەدان ئەویش مەرگەسات و شەڕو كوشتارو ئاوارەبوون و دارمانە، بەڵام چاك سازی و ئاوەدان كردنەوەو بیناسازی و دروست كردنەوەی هەڵەبجەكەی جاران ئەوە كاری ئەوان نیە.. هەرساڵی جارێك و لە 16ی ئاداردا با سەردانێكی ئەو شارەبكەین و چەپكە گوڵێك لەسەر مەزاری شەهیدان دابنێین، ئەگەر هەڵەبجە برسی بێت و خزمەتگوزاری نەبێت و تەنانەت ئەو ڕۆژانەشی كەیادی دەكەنەوە میوانەكان بەناوشاری هەڵەبجەدا نابەن چونكە شارێكی نمونەیی نیە شارێك پیس و پۆخڵی شەقامەكانی بێ قیرتاوی و نارێكوپێكی و زۆربوونی كەم كوریەكانی كە ڕەنگە بەهەزارەها كەموكوریبن و ئەوانەی ئێستا بەخۆیان لەشارەدا دەژین باشتر لە ئێش و ئازارەكانی خۆیان دەزانن، خۆ ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هەڵەبجەی ساڵی 1988 ی پێش كیمیاباران و هەڵەبجەی 2006 و ئەوە بەرەو 2007 یش دەچین كە زۆر جیاوازی هەیە، جیاوازیەكان پاش 19 ساڵ بەدڵنیایەوە دەڵێن پێش 19 ساڵ هەڵەبجە جوانترو پاك ترو ڕازاوەتربوو، ، لێرەدا دەپرسم كێ بەرپرسیارە... ؟؟؟؟؟؟

لەلایەكی دی ئەحمەد موختار بەگی جاف دەڵێ:

لادە عاشق تۆ لەباسی عیشقبازی و سەیربكە چۆن خەریكن چەند كەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەكەن ئەم دێڕە هۆنراوەیە بەسە بۆ ئەوانەی بیر لەم شارەناكەنەوە، ئەوانەی دەیانەوێ هەڵەبجە لە دوو تۆیی زبڵدانی مێژوودا بشارنەوە، بۆیە لێرەدا هیواخوازم كە هەوڵی خێروازان ئەوانەی هەناویان بەم شارە چەرگ سووتاوەدەسوتێ و هەوڵەكانیان وەگەرخەن و بەكردار و بەڕاستی بیسەلمێنن بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێ لەم نێوانەدا شاری هەڵەبجە وون بكەن بەخۆیان وون بن و هەڵەبجە وەك گوڵێكی كەشاوە و سووری كوردستان بێتەوە ئاراوەو لەسیمای جارانەوە ببینرێتەوە، تا شەهیدانمان ئەوانەی بێ تاوان گیانی ئاسوودەیان بەم وڵاتە بەخشی ئەوانەی بەخوێنی ئاڵیان مێژووییەكیان بۆ تۆماركردین و بوونە پێناسەمان لە دوونیادا و بوونە سەردێڕی هەموو بۆنەو باس و خواستەكانمان، دەبا كەمێك باس و قسەو بەڵێنەكانمان لە چوارچێوەی كردەوەدا كۆیان بكەینەوە.